گەشتی بەدرخان بۆ خانەقین

هەر لە سەرەتای پرۆسەی ئازادیی عیراقدا بەدرخان گەشتی خۆی بۆ ناوچە ئازادکراوەکان سازداو سەرەتاش بۆ موسڵ و کەرکوک و خانەقین و تەوێڵە و بیارە و دواتریش بە گەشتی تایبەت بۆ بەغداو کەرکوک و بەسرە، وا ئەم جارەش خانەقین بووە وێستگەی گەشتەکەی بەدرخان و لەم گەشتەدا چەندین نهێنی و باس و بابەت دەرگایان لەسەر کرایەوە و بوونە جێی گرنگیپێدانی تیمی بەدرخان.

پاش ٢٨ ساڵ فرمێسکی موحیبەت، لە سەرەتادا بەڕێز مەلا بەختیار، ئەندامی (م.س)ی (ی.ن.ك) و بەڕێرسی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، بەمجۆرە باسی یەکەم ساتی چوونە ژوورەوە بۆ ناو خانەقینی کرد:

–کە کەوتینە ڕێ بۆ ئازادکردنی شاری خانەقین، ئەو ڕێگایەی بە لیوای دیالە چوار نوێنەر دەرچوون، هەموویان سەر بە (ی.ن.ك) بوون، دڵنیاشم ئەگەر بۆ جێگری پارێزگاری دیالە خۆمان هەڵبژێرین (١٠٠٪) دەردەچین..! تورکمانەکان دەنگیان بە هیچ حزبێك نەدا.. لە مەندەلیش کورد دەرچوو..

لە مەڕ بێئاویی ئەڵوەندیشەوە وتی:

–مەلوولە.. ئەڵوەند دەڵێی فرمێسکی شاری خانەقینە لەبەر ئەو شارە دەپوات.. حەیف..

جوگرافیای خانەقین

خانەقین دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی عیراقەوە و ناوچەیەکی سنووریی گرنگە لەگەڵ ئێراندا، هێڵی تەماس لەگەڵ ئێراندا ناوچەی مەنزرییەی عیراقی و خەسرەویی ئێرانییە، کە کاتی خۆی ناوچەیەکی بازرگانیی زۆر گرنگ بووە، بەڵام حکومەتی بەعس ئەو ڕێگایەی داخستووە، تاکو خەڵکی خانەقین سوودی لێ نەبینن. خانەقین ناوچەیەکی نەوتاییەو پاڵاوگەی نەوتی لێبووە، بەڵام بەو پێیەی ناوچەیەکی کوردیی بووە، لە لایەن بەعسەوە گرنگیی پێ نەدراوە.

مەنزرییە سنووری کوردستان و ئێرانییەکان

مەنزرییە ناوچەیەکی سنوورییە لەگەڵ خەسرەویی ئێرانیداو کاتی خۆی ناوچەیەکی سنوورییی پڕ بازرگانی بووە، لەم ناوچەیەداو چەندین ئوتێل و چێشتخانەو شوێنی حەوانەوەی هەیە، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە لایەن بەعسەوە داخراوەو گرنگیی پێ نەدراوە. ئێستاش کەم کەم کەلوپەلی هاوردەو ناردەنی هەیەو خەڵکی ناوچەکە سوودی لێدەبینن.. کاتێك چووینە خانەقین و سەردانی مەنزرییەمان کرد، بینیمان چەند لۆرییەك وەستاون و خەریکی بارکردنن، لەوێ (نوسەییەف حاجی عەلی) مان بینی کە خەڵکی شاری خانەقینەو وتی:

–لە دوای ٢٩ ساڵ ناوازەیی و دەربەدەری، هەر ڕۆژەو بە شوێنێکەوە، دەمێك بە ئێران و دەمێك بە سلێمانی و کەلارو هەر ڕۆژەو لە شوێنێك. گەڕامەوە خانەقین، کاتێك خانەقینم بینی وام دەزانی منداڵێکی تازە لە دایك بووم، ئێستاش کە قسە دەکەم گریانم دێت.. ئەگەر بۆم بکرێت وەك کرێکار وەك حەماڵ، وەك هەر چییەك بێت خزمەت بە شارەکەم دەکەم، چونکە زۆر بێ خزمەت بووە، خانەقین وێران بێ..

ئاوی ئەڵوەن کەمی کرد

ئاوی ئەڵوەن لە ناو خاکی ئێران ولە چیای ئەڵوەندەوە بە ناوی گوندی قەڵای یەهوددا دێتە ناو خانەقینەوە، سەبارەت بە ئاوی ئەڵوەند مامۆستا فازڵ ئەحمەد ئەرکەوازی وتی: لە زستاناندا ئەڵوەن ئاوەکەی زۆر دەبێت، ساڵ هەبووە ئەو ناوچانەی دەوروبەری وێران کردووە، ساڵی پار ناوچەی کارێزی زیان پێ گەیاند، بەڵام لە هاویناندا ئاوەکەی زۆر کەم دەکاتەوە. ساڵانی زوو ویستیان بیکەنە بەنداو، بەڵام زانییان سوودی خەڵکی تێدایە نەیان کرد.

باڵاجۆ.. خزمەتی خانەقین دەکات

ساڵی (١٩٥٨) کاتێك حکومەتی ئێران ئاوی ئەڵوەندی بڕیو بۆ خۆی بەکاری هێنا، وەزیری کشتوکاڵی ئەو کاتەی عیراقی کە خەڵکی خانەقین بوو، بە جۆگا ئاوی (باڵاجۆ)ی لە شاری کەلارەوە بۆ خانەقین هێنا، هەتا خەڵکی سوودی لێ ببینن، هەر ئەمەشە ئێستا ماوەتەوەو خەڵك سوودی لێدەبینێت.

خانەقینییەکان جەژنیان حەوت ڕۆژە

محەمەد خدر باجەلان سەبارەت بە ڕۆژانی جەژن لە خانەقین وتی: جەژنی (قوربان و ڕەمەزان) لای خانەقینییەکان، حەوت ڕۆژە.. بە بێ جیاوازیی خەڵکانی شیعەو سوننە، ئەم حەوت ڕۆژە بە خۆشی و شادی بەسەر دەبەن و ڕۆژی یەکەم بۆ سەردان و ماڵە خزم و دۆست بەسەر دەکەنەوە. ڕۆژی دووەم لە (ئیمام عەباس) جەژن دەکەن و خەڵك سەردانی ئەوێ دەکەن. ڕۆژی سێیەم سەردانی (عەلەمدار) دەکەن، ڕۆژی چوارەم هەتا ئێستاش هەر لە مەرقەدی (باوە مەحمود)ە. ڕۆژی پێنجەم لە (خدری زیندە)، بەڵام ئێستا کەم کەس دەچن، چونکە گۆڕستانە. ڕۆژی شەشەم دەچنە مەرقەدە تازەکە. ڕۆژی حەوتەم بە ناو شاردا دەگەڕێن و پیاسە دەکەن.. ساڵانی زوو بە ئەسپ و عەرەبانە دەسووڕانەوە.

ژن و ژنخوازیی لای شیعە و سوننییەکان

سەبارەت بە پرۆسەی ژن و ژنخوازیی پرسیارمان کرد؛ وتیان ئێستا لە خانەقین زۆرێك لە تەقالیدە کۆنەکانی خۆمان بەکار دەهێنین و لامان نەداوە لێی، بۆ خەڵکی شیعەو سوننە گرنگ نییەو لە هەردوو لا ژن و ژنخوازیی هەیەو لە یەکتر مارە دەکرێن، کە ئەمە لە کەم شوێن هەیە.

ئاگری ئەورۆزو قەدەغە شکێنی

بە درێژایی هەموو تەمەنی سیستمی بەعس، چاوی بە کردنەوەی ئاگری نەورۆزی کوردانداو هەڵنەهاتووەو قەدەغە بووە. لای خانەقینییەکانیش بە هەمان شێوە دەگێڕنەوە؛ قائیمقامی زووی خانەقین بە هەموو شێوەیەك ئاگر کردنەوەی قەدەغە کردووە، بەڵام خانەقین بە گەورەو بچووکییەوە، ڕۆژی پێش ئەوە، بۆ ئاگر کردنەوەو لە نەفتخانە خۆیان ئامادە کردووەو هەموو ساڵێك ئاگری خۆیان کردووەتەوە.

باوە مەحمود، باوەی خانەقین

لای خانەقینییەکان باوە مەحمود کەسایەتییەکی خۆشەویستە، ئێستا گۆڕی لە نزیك خانەقینەو خەڵکی شاری خانەقین زۆریان خۆشدەوێت، چونکە کورد بووە.. تەنانەت لە شارەکانی جەلەولا و بەعقوبەو خەڵکە عەرەبەکانی ئەو ناوچانە دێنە سەردانی و زیارەتی دەکەن، چونکە پێیان وایە پیاوێکی زۆر پاك بووە.

مردوو لە خانەقین بە دەهۆڵو زورنا ڕەوانەی گۆڕستان دەکرێت

لای خانەقینییەکان تەقالیدی زۆر کۆنی خۆیان بۆ ناشتنی مردووەکان پەیڕەو دەکەن.. مامۆستا فازڵ ئەرکەوازی وتی:

–مردووەکانمان بە دەهۆڵو زرناوە دەبەینە گۆڕستان، ئەگەر گەنجێکی پاك بێت و بە حاڵەتێکی نائاسایی بمرێت، کە ئەم حاڵەتە (چەمەری)ی پێدەوترێت، یان بۆ کەسایەتییە پیرە ناودارەکان بە هەمان شێوە دەبێت. هەتا لە ساڵی ٢٠٠١دا بۆ یەکێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی ئەرکەوازی کە مرد کارێکی وایان بۆ کرد، کە بووە خۆپێشاندانو بەرزکردنەوەی وێنەی شەهیدان و بووە شتێکی زۆر گەورە، لەبەر ئەوە مردوو لای ئێمە ڕێزێکی زۆری لێدەنرێت.

خانەقین، خانەقینی (١٩٥٧)ە..

ئەحمەد یوسف عەلی لەسەر ڕێژەی دانیشتووانی خانەقین قسەی کردو وتی؛ ڕێژەی دانیشتووان دیار نییە، لەبەر ئەوەی هەر ڕۆژەو عەرەب هێنراوەو کورد لابراوە.. بە ئاماری ساڵی (١٩٥٧) (٣٥) هەزار کەس دەبوون، بەڵام ئێستا (٧٠) هەزار کەس دەبن. من یەکێك بووم لەو ڕاگوێزراوانەی کە (١٣) ساڵ بۆ نەجەف دوور خرامەوە. خانەقینیش لە تەعریب و تەهجیر زیاتر هیچی تری بۆ نەکراوە. خانەقین، خانەقینی ساڵی (١٩٥٧)ە، ئیتر پاش ئەو کاتە وێران کراوە. خزمەت نەکراوە، لێرە لە نەفتخانە پاڵاوگەی نەوت هەبوو، بردیان بۆ دۆرە.. مەعامل هەبوو بردیان، سکەو وێستگەی شەمەندەفەر هەبوو، بردیان، هەموویان وێران کرد.

گەڕەکی خانەقین دەتسووتێنێت

کاتێك لە خانەقین کارەکانمان تەواو کردو دوای نان خواردنی نیوەڕۆ، بڕیارماندا بگەڕێینەوە، کات دوای نیوەڕۆ بوو، دنیا هێند گەرم بوو، وەخت بوو بسووتێین، هەر فریای ئەوە دەکەوتین خۆمان فێنك بکەینەوە، ماڵی کاکی شۆفێر ئاوابێت زوو زوو دەوەستاو لە ماڵە خزمو ناسیاو ئاوی ساردی دەهێنا، ئەویش بە حوکمی ئەوەی خەڵکی شارۆچکەی کەلار بوو.

(دۆینە) خواردنی گەرمیانییەکان

لە یەکێك لەو ماڵانەی بۆ خۆ فێنك کردنەوە وەستاین، دوای خواردنەوەی ئاوی سارد، قاپێکیان هێنا، وتیان ئەمە (دۆینە)یە، خواردنی سەرەکیی ئەم ناوچەیەیە، دۆینە تێکەڵەی ساوەرو دۆیەو ماوەیەك دادەنرێت تا بە تەواوەتی ترش دەبێتو دۆکەش خەست دەبێتەوە، هەرچەندە ئێمە حەزمان لێی نەبووو نەمان خوارد، بەڵام کاکی شۆفێر هەر هەمووی خواردو وتی شازی خواردنە.

لە خانەقینەوە بۆ ئەحمەد ئاوا

دوای گەڕانەوەمان لە خانەقین، بەرەو سەیرانگای ئەحمەد ئاوا ڕۆیشتین، چونکە لە گەشتەکەماندا دوو میوانی شاری هەولێرمان لەگەڵ بوو، دەیانوت ئێمە بۆ گەشت هاتین، بەڵام لە گەڕمادا سووتاین، بۆیە بڕیارماندا بەرەو ئەحمەد ئاوا بڕۆین و لەوێ هەندێك پشوو بدەین، هەر لە خورماڵ هەندێك میوەو ساردەمەنیمان کڕیو چووینە ئەحمەد ئاواو لەوێ پشوومان داو ئێوارە گەڕاینەوە بۆ شاری سلێمانی.



هادی ئەلمەهدی کوڕەکەی بێئومێدکرد

پێشڕەو حسێن

چۆن تۆ گەورە دەکرێیت، چۆن خۆت نمایش دەکەی:

بێ پێشەکی و بەبێ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە بابەتەکە بەناونیشانەکەیەوە ببەستمەوە، ڕاستەوخۆ دەچمە سەر ئەوەی دەمەوێ بەوردی لەسەری ڕابوەستم؛ من پێم وایە کە لەجیهانی ئەمڕۆداو بەتایبەتی لەم وڵاتە داماوەی ئێمەدا کە هەر کەس هەڵدەستێ و دەیکات بەفیلم، دوو جۆر هونەرمەند هەیە، یەکەمیان کە ئەو جۆرەیان زۆرن و بۆرن، ئەو کەسانەن کە زۆرترین قسەدەکەن و کەمترین ئیش، ئەوەکو بەو مانایەی کە ئیش ناکەن ڕەنگە کار بکەن بەڵام نەکردنی باشترو جۆری دووەمیش کە کەمجار شوێنێکیان بۆ قسەکردن چنگ دەکەوێ، لەبەر ئەوەی گەر قسە بکەن زۆر بەبێ شەرم و بەڕوونی قسە دەکەن ئەوانەن کە بەرهەمیان لەقسەکردن زیاترە. نامەوێ بەراورد بکەمو یەکێك لەو جۆرانە بەباشتر دابنێم. ئەمەوێ ئەمە لای بەڕێزتان ڕوون بێت کە ئەم دابەشکاریە بەتەنها بۆ ئەوەیە کە دەرهێنەری فیلمی هەتاو لەکاتی خوێندنەوەی بابەتەکەدا خۆی لەیەکێك لەو بەشانەدا ببینێتەوە کە بەدڵنیاییەوە جۆری یەکەمی هونەرمەندانە، بۆ ئەمەش بەڵگەم هەیە.

ئەو بەڕێزە لەو کاتەوەی گەڕاوەتەوە (مەبەست گەڕانەوەیەتی لەهەندەران، کە دواتر قسە لەسەر کەشفە هەرە گرنگەکانی دەکەین لەوێ و کاریگەریی بۆ سەر هونەری ئێرە) وەکو ئەوەی لەوێندەر بواریان پێندابێ قسە بکات دەکەوێتە قسە، زۆر جار وەکو ئەوەی قسەکانی ئەو بنیاتی تێزێکی هونەریی بنێن و پێویست بکات هەموو کوردو عەرەب زمانێك بەرگوێیان بکەوێت، بەدوو زمان بابەتەکانی لەرۆژنامەکاندا بەرچاو دەکەوتن. ئەمە جگە لەوەی کە ئیدی کەناڵەکانی میدیا بەبێگوێدانە ئەوەی کە ئەو بەڕێزە پاش ئەوەی بەسەفەر بۆ دەرەوە مەرگی پیەوەندیی خۆی لەگەڵ ئێرە ڕاگەیاند، دەبێ لەوێ لەچ ئاکادیمیەك خوێندبێتی و بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەو لەوێ چ شتێکی تازەی کردوە، دەکەونە دواندنی و ئەویش بەبێ ئەوەی ئاگای لەو ڕەوتە هونەریە بێت کە لێرە دەگوزەرێ وەکو ئیمپراتۆرێك هێڵی ڕاستو چەپ بەسەر گشت کارەکانی پێش هاتنەوەی خۆیدا دێنێ. کە تۆ ئەم شتانەت بەرگوێ دەکەوێت، بێدەنگ دەبی و دەتەوێ بەرهەمێکی ببینی، لەبەر ئەوەی قسەکردن ئاسانترە... ئەوەتا یەکسەرو بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەبەرهەمێك کاری هونەریی ئەو بەڕێزە هەڵسەنگێنرێت بواری کارکردنی بۆ دەرەخسێ.

وەکو ئەوەی سوپەرسینەماکارو هونەرمەندێکی مەزن پاش چەندان ساڵ لەخوێندن و ئەزموڵ گەڕابێتەوە سەرجەم شتەکان دەخرێتە بەر دەستە ڕەنگینەکانی بەو ئومێدەی هونەری هێشتا لەدایك نەبووی سینەما لەفەوتان و خنکان ڕزگار بکات، ئەمەش لەکاتێکدا، زۆرن ئەو گەنجانەی کە ژیانی ئێرە ئاوێتەی خەونی هونەریان بووەو بواریان بۆ نەڕەخسێنداوە کار بکەن. ئەوەتا ئەو بەڕێزە بەسەرجەم قسەکانیەوە دەست بەکار دەکات و ئیدی نهێنی لەپشت پەردە نامێنێتەوەو بۆت دەردەکەوێ. کە ئەو ڕوخسارە چەنەبازەی پشت پەردەکە، ئەو دەمەی ڕووی خۆی دەنوێنێ لە قسەکردندا چەند بێ دەنگ و داماوە.

کارەکەی دەبینی، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی تازەو کەشفێکی مەزن بەرهەمی هێنا بێت، تەنانەت ناتوانێ بگاتە ئاستی ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنیانەی کە لەکاتی ڕژێمدا ئەنجامدراون و لە دەمەدا بەهەناسەیەکی قەشەنگەوە قسەیان لەسەر گرفتە کۆمەڵایەتیەکان کردووە. من دەمەوێ لەم بەشەی نووسینەکەدا، لەو بەڕێزانە بیارێمەوە کە دەتوانن ببنە پاڵپشتی کارێکی هونەریی، کە چیتر ئەو توانستی پاڵشتی کردنەیان بەفیڕۆ نەدەن و کەمێك وردبینانە بچنە پشت کارێکی هونەریەوەو زۆر گوێ لەقسە نەگرن و زیاتر لەبەرهەمو داهێنان بڕوانن. گەر نا هەر کەسەو لەوێندەر دێتەوە، بەو زەمەنە نهێنی و تاریکەی لەبەر چاوی تۆدا نەژیاوەو کارێکی هونەر پشت نەبینیوە، دەتوانێ چیرۆکی ڕەنگا و ڕەنگت بۆ جوانکردنی خۆی بۆ بهۆنێتەوە کە لەکاتی وەرگرتنی کەیسەکەیدا ئەزمونی کردووە، لەوەدا وەستایە. (بەتەنها مەبەست دەرهێنەری فیلمی هەتاو نیە) ئەو بوونەوەرە کە بەشێکی ژیانی تاریکەو تۆ بڵێی ئاگای لە ماوەیەکی ژیانی لەدەرووە، زۆر ئاسان دەتوانێ وەکو هەموو ئەو کەسانەی لەدەروە دێنەوە باسی ئەوەت بۆ بکات کە ئەو گۆڕاوەو چیتر وەکو کوردێکی داماوی بەجێماو لە بینی ڕۆژئاوا گۆشت ناخواتو زۆر پابەندی کاتەو ئیتر سەرجەم قسەکانی دەبێتە ئەوەی کە لەوێ من وام کردو لەوێ ژیان جیاوازەو لەوێو لەوێ...

بەڵام تاکە شت کە برای دەهێنەر بەو حاڵتەوە دەبەستێتەوە ئەوەیە کە جەنابی لەو کاتەوەی ڕۆشتووە بەتەواوەتی لێرەبێ ئاگایە، نەوەکو جۆری قسەکردن و لەهجەکەی گۆڕابێتو زمانی ڕۆژئاوایی کاریگەریی لەسەر لەهجەی بەجێ هێشتبێ! بەڵکو بێ ئاگایە لەوەی کە زمانی ئێرەو جۆری بەرکەوتنی کارێکی هونەریی لەگەڵ بینەر گۆڕاوەو بەتەواوەتی لەو گرنگە بێ ئاگا.

ڕوون و دیارەکە بونەوەرێکی لەو جۆرە، کە بەشێکی تەمەنی لەم مەملەکەتە دابڕاوە، دەبێ بەجۆرێك لەجۆرەکان و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەو دابڕانە کەم بکاتەوە بۆ ئاستی داهێنان نەوەکو ئەو دابڕانە نەوەکو بێ ئاگای بکاتو بێگانە. لەڕێگەی خەیاڵەوە بێتەوە نێو ژیانی ئەو کلتورەی کە دەبێتە پاڵپشتی کارە هونەریەکەی و وەکو بەختیار عەلی بەرهەمێکت پێشکەش بکات کە بەسەرجەم پرسیارەکانی غەریبیەوە، دەلێی ڕۆحێکە هێندەی هەموو دانیشتوانی نیشتمان لێرە ژیاوە. جیاوازیەکە لەوەدایە کە تۆ دەچیتە دەرەوە، هەموو پەیوەندیەکی ڕۆحی و جەستەیت لەتەك ئێرە دەکوژێنێتەوە، بەوەی کە گەیشتوتە بەهەشتی بەڵێندراو، ئیتر پێویستت بەوە نیە خەیاڵت بگەڕێتەوە دۆرزەخی نیشتمان. هەر پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە بەسەرجەم بێ ئاگایتەوە دەکەویتە نێو هەڵەیەکەوە کە ڕاستەوخۆ بەمجۆرە وێنەت دەکات: ئەمە کێیە؟ تۆ بڵێی یەکێك نەبێت لە (اصحابی کەهف).

مەقتە بزانی

ئەنفال چییەکان تاوانبارن لێبوردنیان نییە

کاتێك گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٩١ دا ڕاپەڕی، زوربەی ناوچەکانی کوردستان ڕزگار کرا .. لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی ئەوکاتە بە مەبەستی سەرکەوتنی ڕاپەڕین وسەقامگیر بوونی دەسەڵاتی کوردی وبنەبڕکردنی بەعس ودەسەڵاتی بۆ یەکجاری لە کوردستاندا، شۆڕش لێبوردنی دەرکرد .. ژمارەیەکی زۆر سوودیان لەو لێبوردنە وەرگرت وهاتنەوە ریزی میللەت .. هەر چەند تیاشیاندا بوو .. کە چاو ساغ وتاوانبار وئەنفالچی وخاپوورکەری گوند وشارۆچکەکان بوون ودەبوو ئەو کاتەش، تاوانبارەکان بە پێی پلەی تاوانبارییان جیا بکرانایەتەوە وپرسینەوەیان لە گەڵدا بکرایە وهەموو وەك یەك لێیان خۆش نەبوونایە، بۆیە دوای ماوەیەك کە بەعس هاتەوە سەر قاچی خۆی وزۆربەیان بەرەو باوانەکەیان بوونەوە، ڕوویان کردەوە ئاخوڕەکانی جارانیان وکەوتنەوە جێبەجێ کردنی نەخشە وپیلانەکانی بەعس ودەزگاکانی، چەندین لەو کەسانەی لەوڵاتانی دوورەوە بۆ یارمەتی کورد هاتبوون کوشتیانن، چەندین کاری تیرۆریستانە وتەقینەوەیان لە شارەکاندا ئەنجامدا، هەر ئەوەشبوو هەموو جەماوەری خەڵکی کوردستانیان وا لێکرد بە ڕاشکاوی لۆمەی هەموو حزب ولایەنە کوردستانییەکان بکەن.

خۆ ئەمڕۆ بە هۆی هێزی ڕزگارکەری هاوپەیمانان وپرۆسەی ئازادکردنی عیراقەوە، ڕژیمی دکتاتۆری بەغدا داری بەسەر بەردێوە نەماوە ، هەموو عێراق ڕزگاری بووە هاوپەیمانان کون بە کون بە دوای سەرانی دکتاتۆردا دەگەڕێن.

تاوانی ئەنفال وکیمیاباران وجینۆسایدو ڕاگواستن وخاپوورکردنی گوندو شارۆچکەکانی کوردستان وگوللە بارانکردن وبە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کوردستان، لە ڕێگای پیاوە خائن وئەڵقە لە گوێ کوردەکانەوە نەخشە کێشراوەو جێبەجێ کراوە .. ئەوانە پێشڕەوی سوپا تاوانبارەکەی دیکتاتۆر بوون. ئەوانە ماڵ وسامانی کوردیان لە تاڵان برد. ئەوانە دەستنیشانی خەڵکی کورد پەروەریان دەکردو گوللەبارانیان دەکردن.. ئەوانە بوون بە سەدان شیعرو وتارو نووسینیان لە ڕۆژنامە پۆخڵ وگۆڤارە جاشنامەکانیاندا بڵاودەکردەوەو وتارو قسەکانی دکتاتۆریان وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی و، چاپیان دەکردن وبڵاویان دەکردنەوە. ئەوانە بوون بە شان وباڵی دکتاتۆردا هەڵیان دەدا وشاباشی پیاوچاکی ودەست خۆشی ئەنفال وکیمیا بارانیان لە دوژمن دەکرد. ئەوانە بەحەق خۆفرۆش ودۆڕاوو ئەڵقە لە گوێ ودوژمن بە گەل ونیشتمانەکەیان بوون. ئەوانە تا سەدام ودەسەڵاتە دکتاتۆریەکەی لە ئارادا مابوو، سەدام باوك وبرایان بوو، ئەوانە دژی نەتەوەو خاکی کوردستان بوون، ئەوانە کوردو خەڵکی کوردستانیان خەڵتانی خوێنکرد، ئەوانە دارو بەردی ئەم خاکە نەفرەتیان لێدەکات .. بە خائین وتاوانبارو وێرانکەرو ئەنفالچییان دادەنێ ...

سەیرە .. زۆریش سەیرەو جێگای سەرسوڕمانە ، زۆر لەو تاوانبارانە، بێ شەرمانەو ڕووقایمانە پاش ئەو هەموو تاوانەیان پەنایان بۆ کوردستان وبۆ لای حیزب ولایەنە کوردستانیەکان هێناوە! دەیانەوێت ئەو کوردستانەی بە چاوساغی ئەوان وێرانکرا ، تیایا بحەوێنەوەو خەڵکی کوردیش بە چاوی ڕێزەوە سەیریان بکات، لەوەش سەیرتر.. باوەشکردنەوەی حزب ولایەنەکان وکۆمەڵێ خەڵکە بەناوی عەشایەری وخزمایەتی وبەرژەوەندی بازرگانی، بۆ ئەو تاوانبارو ئەنفالچیانەیە، لەوش سەیرتر، ململانێ لە نێوانی لایەنەکاندا پەیدا بووە، بۆ وەرگرتن وپاراستنیان وپێشوازییان لێدەکرێت وخزمەت دەکرێن.

بێگومانم لەوەی کە هەموو ئەو حزب ولایەنانە و، ئەو کەسانەی کە دالدەی ئەو تاوانبار وئەنفالچیانە دەدەن. زۆربەیان لێیان ڕوونە ئەگەر یەك تروسکەی دکتاتۆریەت لە عیراقدا بمایە ویەك دەرگایەك هەبوایە لێوەی دەربچوونایە وبیان زانیایە سەری خۆیان ومندالیان دەرباز دەبێت. یەك کەسیان سەریان بە کۆشی یەك لایەن ویەك کەسدا نەدەکرد لە کوردستاندا.

خەڵکی کوردستان داوادەکەن ئەنفال چییەکان بدرێنە دادگا وسزا بدرێن، تۆڵەی (١٨٢) هەزار ئەنفالکراو و(٥٠٠٠) کیمیا بارانکراوی هەڵەبجە، (٨٠٠٠) بارزانی، (٦٠٠٠) گەنجی فەیلی ، خاپوور کردنی کوردستان، بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کوردیان لێبکرێتەوە .. پێویستە حزب ولایەنەکان گوێ لە داواکاری کەس وکاری شەهیدان بگرن، ئەوانیش دەعوا لەسەر ئەو تاوانبارانە تۆمار بکەن..بە هیچ شێوەیەك لێیان نەبوورن وبەسزای تاوانەکانیان بگەیەنن نەك داڵدەیان بدەن. من دڵنیام ئەگەر حزب ولایەنەکانیش لەو ئەنفالچیانە خۆش بێن جەماوەری خەڵکی کوردستان، کەس وکاری شەهیدان، خەڵکی گوندە خاپوور کراو، تاڵان کراوەکان، لێیان نابوورن داوایان ئەوەیە کە بدرێنە هاوپەیمانان وبخرێنە لیستی تاوانبارانەوە، بە وردی لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا بکرێت، هەوڵبدرێت قولاغی ئەنفالکراوەکان وگۆڕە بە کۆمەڵەکانیان پێدەربخرێت .. خۆ ئەگەر حزب ولایەنەکان لە بەر هەر هۆیەك لەو ئەنفالچیانە دەبوورێن گەلی کورد لێیان نابوورێت.

خۆ ئەگەر لایەن وحزبەکان لەوانە خۆش دەبن ودڵدەیان دەدەن .. ئەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە لە دروستبوونیانەوە ڕاستگۆ نەبوون لە بەرنامە وڕەوتی شۆڕشگێڕیاندا، هەر چییان بە جەماوەر وتوە ! بە ڕاستیان نەبووە وهەر ڕۆڵەیەکی ئەم گەلەش لە پێناوی ئەواندا شەهید کراوە ! ئۆبالیان لە ئەستۆیانە، کیمیا بارانی هەڵەبجە، ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان هەر هەموو دەکەوێتە ئەستۆیان وئەوەش لای جەماوەر بەر جەستە دەبێت کە ئەو حزب ولایەنانە بەرنامەی نەتەوەیی ونیشتمان پەروەری وشۆڕشگێڕییان نەبووە، لە پێناوی مەسەلەیەکدا خەباتیان نەکردووە کە پێی وترابێت (مەسەلەی کورد). خۆ ئەگەر جەماوەری خەڵکی کوردستانیش لە حزب ولایەنەکان لەم داڵدەدانە چاوپۆشی بکەن، بەر دەرگایان لێنەگرن ونەچنە سەریان. ئەو تاوانبارانە وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچن، ئەوە بە ڕای من کوردیش میللەتێك نەبووە کە خاوەنی مەسەلەیەك بووبێت کە ناوی (مەسەلەی کورد) بێت، خاوەنی خاکێك نییە ناوی (خاکی کوردستان) بێت. بۆیە داوا لە هەموو خەڵکی کورد پەروەر ونیشتمان پەروەر ودڵسۆزانی گەلەکەمان دەکەم، ئەوانەی لە ناو ریزەکانی ڕێکخستنی لایەنەکاندان وجەماوەری ڕەش وڕووتی کوردستان وکەس وکاری شەهیدان وخەڵکی گوند وشارۆچکە خاپوورکراوەکان وکەس وکاری ئەنفالکراوەکان، دەنگ بەرز بکەنەوە وهاوار بکەن وبە هەموو حزب ولایەنەکان بڵێن دالدەی ئەو تاوانبار وئەنفالچیانە مەدەن ومەیان پارێزن، پێیان بڵێن ئەگەر ئێوەش لێیان خۆشبن، ئێمە هەرگیز لێیان خۆشنابین، دەبێت بدرێنە دادگا وسزای تاوانەکانیان وەربگرن.

محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی